# Tekoshan No.135

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

**ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت**

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com
کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

http://www.khabatmedia.com
Emai: tekoshan20002003@yahoo.com

sazmanikhabat@yahoo.co.nz
Email:Sazmanikhabat@hotmail.com

نوینەری سلێمانی: ٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤
Email: dangikhabat2003@yahoo.com

ئاریافون: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ کۆرك تیلکۆم: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٩٧١٣٨

دەفتەری نوێنەرایەتیی هەولێر: موبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٨٧٢٠٩ ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ pewandi_hawler@yahoo.com

Second Course 24th Year Nomber ((135)) 30 of Banamar 2708 Kurdish Colemdar falling no 13876 Hijri I Falling 19th May 2008


## پیس بوونی هەوا دەبێتە هۆی مەیینی خوێن لەدەمارەکان



لێکۆڵینەوەیێکی زانستی نوێ لەئەمریکا دەڵێ، هەناسە دان لە هەوای پیس بە دوکەڵی ئیگزۆزی ئوتومبیلەکان لەوانەیە مەترسی مێینی خوێن تارادەیکی زۆر بەرەوسەر ببات. لێکۆڵینەوەی کولیژی پاك و خاوێنی گشتی زانستگای هاروارد، کە بە بەشداری ٢ هەزار داخواز بەرێوە چووە، دەری خستووە ئەو گریدیلە شیمیاییە وردانەی کە لەئاکامی پیس بوونی هەوا تێکەڵ بە هەناسە دەبن دەبێتە هۆی مەیینی خوێن لە دەمارەکانی لاق. مەیینی خوێن کە لە لاق دا دروست دەبێ لەوانەیە بو لای سیەکان وەجوڵە بکەوێ و لەوێ سەقامگیر بێ. کاتێك ئەو خوێنە مەییوە بگاتە سیەکان مەترسی تووش بوونی بە نەخۆشی مەترسیداری ئامبولی سیە هەیە وپاشان مەترسی ترمبوز بە جوڵە نەکردن بەرەو سەر دەچێ.

## ٩ ئوستانی ئێران رووبەرووی بێ ئاوی و ووشکەساڵی بوون



لەگەڵ ئەوەی کە هاوین نەهاتووە ووشك ساڵێیکی بێ وێنە لە ئێران دەستی پێ کردوە، ڕاگەیێنەکانی ئێران لە موشکلاتی بێ ئاوی لە ٩ ئوستانی ئێران هەواڵ دەدەن.

بە پێی ئەو ڕاپۆرت و قسەی بەرپرسانی رژیم، بەشێکی زۆر لە باشوور و ناوەندی ئێران، وەك ئوستانی تاران، ئوستانی مەرکەزی، هورمزگان و خوزستان و چەندین ئوستانی دیکە هەر لە ئێستاوە لەگەڵ کەمی ئاو بەرەو روون.

کەمی ئاو بووەتە هۆی دەست پێ کردنی جیرەبەندی ئاو لە هێندێ لەو ئوستانانە و ئەگەری جیرەبەندی ئاو لە مانگەکانی داهاتوو لە هێندێك ئوستانی دیکە هەیە.

## پەروین ئەردەڵان حوکمی زیندانی بۆ بڕاوە

رۆژنامەی ئیعتماد هەواڵی دەرکردنی حوکمی زیندان بۆ پەروین ئەردەڵان تێکۆشەری مافی ژنان لە سنە بڵاوکردەوە. بە پێی ئەو هەواڵە، لقی ١٣ی دادگای رژیم لە تاران، پەروین ئەردەڵانی بە دوو تا سێ ساڵ زیندانی هەڵپەسێردراو لەگەڵ حساب کردنی ئەو رۆژانەی کە دەست بە سەرکراوە، مەحکوم کرد. ئیعتماد نووسیویەتی: دادگای رژیم بە ڕاگەیاندنی ئەو حوکمە بە پارێزەری خانمی ئەردەڵان، تاوانی ناوبراوی کۆمەڵایەتی و کاری غەیرە قانوونی و بەرنگار بوونەوەی پۆلیس بە مەبەستی شێواندنی هێمنایەتی وەڵات راگەیاندوە و دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو حوکمە بە پێی مادەی ٦١٠ یاسای سزادانی ئیسلامی دەرکراوە.



## فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەبرلینی پێتەختی ئاڵمان بەرێوەدەچێ




لەگەورەترین فیستیڤاڵی فیلمی کوردیدا ٤٠ فیلمی کوردی نمایشدەکرێ و ٣٠ دەرهێنەر لەسەر ئاستی هەر چوارپارچەی کوردستان بەشداری تیا دەکەن. لەم فیستیڤاڵەدا چەندین دەرهێنەری داهێنەری کورد وەك: بەهمەنی قوبادی و هونەر سەلیم و رەحیمی زەبیحی و Yuksel Yawz و هێشام زەمەن و چەندین کەسی تر بە فیلمەکانیان بەشداری دەکەن. رۆژانی ٢٠٠٨/ ٥/٢٤ تا ٢٠٠٨/٦/١ لە بەرلینی ئالمان پێنجەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی بەرێوە دەچێ و ٤٠ فیلمی کودی نمایشدەکرێ.

لەراگەیاندنی ئەو فیستیڤاڵەدا هاتووە: ئەو فیستیڤاڵە کەرنەڤاڵی هونەری سینەما و دیدار و بەیەك گەیشتنی هونەرمەندانی کوردە، شانسێکی گەورەی بەردەم دەرهێنەرانی گەنجیشە و لەسەر ئاستی ئورووپاش بە تایبەتی ئالمان بە گەورەترین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی دەژمێردرێ و چاوەرواندەکرێت بینەرێکی زۆری کورد و ئەلمانی رووی تێبکات. لەم کەرنەڤاڵە سینەماییەدا ٤٠ فیلمی کوردی نمایش دەکرێ و بە شیوازی جۆراوجۆر دابەش بووە بەسەر فیلمی کورت و درێژ و فیلمی دیکومێنتی کە تێکرا ژیان و کلتور و کێشە و مەرگەساتەکانی کورد لەتورکیا و ئێران و سوریا بەرجەستە دەکات و تایبەتمەندییەکانی گەلێکی زۆر لێکراو دەخاتە روو. سەبارەت بەم فیستیڤاڵە "محەممەد ئەکتاش" دامەزرێنەر و بەرێوەبەری گشتی پێنجەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەبەرلین رایگەیاندووە: ئەو فیستیڤاڵە مژدە بەخشی لەدایکبوونی سینەمای کوردیە، ساڵی ٢٠٠٠ لەبەرلینەوە دەستی پێکرد و بووە هەنگاوی یەکەم، جاران کەس یەکدی نەدەناسی ئێستا فیستیڤاڵ بۆتە دوریانی یەکگرتنەوەی تواناکانی کورد و بۆنەیەکی بە نرخ، هیوادارم لەکوردستان(لەهەولێر) کار بۆ کونگرەی لەدایك بوونی سینەمای نەتەوەیی کوردی بەبەشداری هونەرمەندان بکرێت.

***

## ١٢ ملوێن جەحێڵی ڕەبەن لە ئێراندا هەیە

رۆژنامەی "کارگزاران" لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەو جحیڵانە کردوە کە کاتیان هاتووە کە ژیانی هاوسەری پێك بێنن، نووسیویەتی: رێژەی ئەو جحێڵانە ١٢ ملوێن کەسە.

بە پێی نووسراوە ئەو رۆژنامە سەرژمێریەکانی وەڵات لە ساڵی ١٣٨٥، رێژەی ئەو کوڕانەی کاتی ژن هێنانیان هاتووە ٦ ملوێن و ٨٩٠ هەزار کەسن، و رێژەی ئەو کچانەی کاتی شووکردنیان هاتوە ٥ملوێن و ٣٠٠ هەزار کەسن.

رۆژنامەی "کارگزاران" هەروا لە زمان مەیسەم یاوەری، جێگری فەرهەنگ و کومەڵایەتی رێکخراوی نەتەوەیی جەوانان نووسیویەتی کە ساڵانە ٨٠٠هەزار زەماوەند لە وەڵات دەکرێ بەڵام بە رێژەی ٢ ملوێن و ٨٠٠ هەزار کەس بە ژمارەی ئەوانەی ناتوانن ژیان پێك بێنن زیاد دەبێ.

## ڕۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنی

لەکاتێکدا ڕۆژی جیهانی ئازادی بڵاوکراوە لە سیهەمین ڕۆژی مانگی مەی وەڕێ خرا کە سازمانێکی نێودەوڵەتی بەرگریکار لە ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران دەڵێ کە لەچوارمانگی ڕابردوودا بەلانی کەمەوە ٢٨ هەواڵنێر لەکاتی ئەنجام دانی کار دا لە ١٧ وەڵاتی جیهان کوژراوون. سازمانی نەتەوە یەککگرتوەکان، ڕۆژێك بەر لەڕۆژی ئازادی چاپەمەنی، سەپاندنی هەرجۆرە حوکم و فشارێکی بۆسەر هەواڵنێران بەتوندی مەحکوم کرد. ماری هیوز لەووتەبێژانی سازمانی نەتەوەکان گوتی: کە چاپەمەنی ئازادو سەربەخۆ لەبناغەکانی ئازادیە،ناوبراو هەروەها کوژران و بریندداربوونی هەواڵنێران و ڕۆژنامەنووسانی مەحکوم کردو زیادی کرد وەها کردەوەیێك تەنیا پێشێل کردنی مافی بنەڕەتی کەسانێك نیە بەڵکو دەبێتە هۆی وەرسوڕانی زانیاریەکان و دونیا بچوك دەبێتەوەو کەس ئاگای لەکەس نامێنێ. ناوبراو زیادی کرد ئەو عەمەلیاتە جینایەتکارانەیە لەدژی هەواڵنێران کەئەبێ بەری پێ بگیردرێ و مەحکوم بکرێ، ناکرێ. پی ئەی سی کەمپینی نێودەوڵەتی دیفاع لە هەواڵنێران کە بنکەکەی لە ژنۆیەو دیفاع لە هەواڵنێران لەناوچە شەڕ لێدراوەکان دەکا، لەبارەی بارودۆخی هەواڵنێران لەساڵی ڕابردوودا، ڕایگەیاند کە بارودۆخ قەیراناویەو لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ وە تا ئێستا بەلانی کەمەوە ٢٨ هەواڵنێر لە ١٧ وەڵاتی جیهان کوژراوون. بەپێی ڕاپۆرتی ئەو دامەزراوەیە، مەکزیك مەترسیدارترین وەڵاتی جیهانە بۆ ڕۆژنامەنووسان و لەچەند مانگی ڕابردوو ٦ هەواڵنیر لەو وەڵاتە کوژراوون. عێراق دووهەمین وەڵاتی مەترسیدارە بۆ هەواڵنێران و ٤ ڕۆژنامەنووس لەو ماوەیەدا کوژراون. پاکستان و ڕوسیە لەپلەکانی سێ وچوارن. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەری فەڕانسە بان کی مۆن، سکرتێری سازمانی نەتەوە یەککگرتوەکانیش ڕۆژی هەینی سێی مانگی مەی گوتی: بڵاوکراوەی ئازادو سەربەخۆ یەکێك لە بناغەکانی ئاشتی و دیموکراسیە و ئەبێ لەدابین کردنی ئەمنیەت بۆیان هەوڵ بدەین. سازمانی نەتەوە یەککگرتووەکان لە بڕیارێکی ژیرانەدا لەساڵی ١٩٩٣ ڕۆژی سێهەمی مانگی مەی بەڕۆژی جیهانی ئازادی چاپەمەنی ڕاگەیاند. ئەوڕۆژە هەلێکە کەتیێدا ڕێز لە هەواڵنێران بگیردرێ کە لەکاتی ئەنجام دانی ئەرك دا کوژراوون یان بریندار بوون یان لەبەر هەڵسورانی ڕۆژنامەگەری لەزیندان دا بەسەر دەبەن. هاوکات هەواڵنێرانی بێ سنور کە بنکەکەی لە پاریسە، تۆماری دژمنانی ئازادی چاپەمەنی بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئەو دامەزراوە، دژمنانی ئازادی چاپەمەنی، لەهێزی خۆیان بۆ سەرکوتی ڕۆژنامەنوسان کەڵك وەردەگرن. بیجگەلە ڕێبەرانی وەڵاتان، تاقمە چەکدارەکانیش لەتۆماری دژمنانی ئازادی بڵاوکراوەی ئەو سازمانە دەبیندرێن. یەك لەوان تاقمە چەکدارە ئیسلامیەکان لەعێراق و ئەفغانستان، حەماس لە فەڵەستین و چەکدارەکانی ژێر فەرمانی مەحمود عەباس. ئەرتەشی ئیسرائیلیش بەو هۆیەوە ناوی تۆمارکراوە.وەلی فەقێی ئێران، عەلی خامنەی و پاسدار مەحمودی ئەحمەدی نژاد، سەرکۆماری ڕژیمی ئاخوندی و سەرۆکی زیمبابۆ جینتانۆ، سەرۆکی چین، لەو ڕێبەرە سیاسیانەن کە لەلایەن هەواڵنێرانی بێ سنورەوە بە دژمنی سەرەکی ئازادی بڵاوکراوە ناسێندراون. هەروەها سازمانی (پارێزگاری لە هەولنێران) کە پارێزەری مافی ڕۆژنامەنووسانە و بنکەکەی لە نیۆیۆرکە لە ڕاپۆرتی ساڵیانەی خۆیدا، ئێرانی وەکو چوارەمین زیندانی ڕۆژنامەنووسان لە جیهان دا ناساند.

## ووتەی بەنرخ

دایك بە دەستێکی بێشکە رادەژێنێت و بە دەستێکی تری جیهان. (ناپلیۆن)

لەبەرزترین چیا لەسێدارەم بدەن دەزانم کێم بەدواوەیە و لەقووڵترین دەریا بخنکێم دەزانم کێ بۆم دەگری، هەر دایکم. (لپلینگ)

وامدەزانێ وڵات وەزیری روناکبیر و ژیری دەوێ، بەڵام تازە دەزانم پاشای عادڵ و راستی دەوێ. (ئەمیر کەبیر)

## بڕوخێ ڕژیمی ئاخوندیی ئێران